کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا   30-10-2007 23:35

هذا من فضل حزبی

**کەرکوک کۆمپانیایەک بۆ پڕکردنی گیرفانی بەرپرسە حزبییەکان ... سیروان**

به بەراورد لەگەڵ حزبی بەعسی رووخاودا، ئەمڕۆ لە رووی حزبایەتییەوە لەشاری کەرکوك مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە و وەکو جاری جاران شارەکە هەر کۆمپانیاکەی جارانەکە کە لەهەموو کات و سەردەمێکدا گیرفانی کوڕە نازدارەکانی حزب پڕدەکات وئەو کەرکوکەی کە تەنیا بەناو ژێر زمان و بن زمانی بەرپرسە حکومی وحزبییەکانە و چەندە دەوڵەمەندە لە رووی ژێر خانی ئابووری بەروبوومی بەرهەمە نەوتییەکانەوە دانیشتووانەکەی سەد ئەوەندە گیرۆدەی ژێر دەستی و زوڵم زۆری دەسەڵاتی حزبەکانی خۆمان بووەتەوە و تەنانەت ئەو زوڵم و زۆرە حزبییەی کە لە کەرکوکدا بوونی هەیە بە شێکی زۆری بەرپرسە ئیدارییە بی پشت و پەناکانی کەرکوکیشی گرتۆتەوەو بە تایبەتی ئەو بەرپرسە ئیدارییانەی کە بە ئەسڵ خەڵکی شارەکەن وئامادە نین لەگەڵ ئەو بەر پرسە حزبییانە رێکبکەون و مساوەمە لەسەر بەرژەوەندی شارەکە بکەن بۆیە ئەوانە لە هەموو کەسێك زیاتر رووبەرووی هەڕەشەلێکردن و زوڵم و زۆری دەسەڵاتی حزبی لەکەرکوکدا دەبنەوە.

دەکرێت مرۆڤ ئەوە بە گونجاو بزانێت کە دوژمنەکەی ماڵەکەی تاڵان بکات و زۆرداری لە دژدا بکات و لە هەمانکاتدا هیچ ئاوڕێکی خێری لێنەداتەوە بەڵام سەیر ئەوەیە خاوەن ماڵەکەی خۆت کە حزبە بە ئاشکرا دزیت لێبکات و دواتر هەر خۆت بە چەوساوە بزانێت و موزایەدەت پێوە بکات لەوەش سەیر تر ئەوەیە کە پاش تێپەربوونی چوارساڵ بەسەر پرۆسەی ئازادی شارەکەدا لە سایەی سەری حزب و کوڕە نازدارەکانییەوە دانیشتووانەکەی کەرکوك لە نێو کەش و هەوایەکی پڕ لە نائومێدی ژیان دەکەن و رۆژانە بە ئازارو مەینەتی کێشە جۆر جۆرەکانی نەبوونی بتلێنەوە، ئەمرۆ شارەکە بە دەست ستەمی حزبەوە پڕ بووە لە فایروس و جۆرەها بەکتریا کە رەنگە ساکارترینیان گەندەڵی بێت بۆیە دەڵێین گەندەڵی ساکارترینیانە چونکە خەڵکی هەموو ئەوە دەزانن کە چەند باندی تیرۆریستی بە ئەمری حزب و بەرامبەر برێك دولار دوای دەسگیردکردنیان بەرەڵاکراون بۆ ووردەکاری ئەو بابەتە خوێنەرانی بەرێز ئەتوانن پرسیاری ئەوە لە شێرە موقابەکەی بەناو شێرە موەفەری بەرێوەبەری بنکەی پۆلیسی عروبە بکەن تا بە تەواوی باس لەچۆنییەتی بەرەڵاکردنی باندێکی تیرۆریستی سەر بە جەیشی سەورەی عشرین و بە ئەمری بەرپرسێکی فرە باڵای حزبی کە بە رێکەوتنێکی مەبدەئی نێوان هەردوکیان و بەرامبەر بە دە دەفتەر دۆلار بەرەڵا بکات بکات وهەموو خەڵکی ئەوە دەزانن بەڵام ئەوەی تا ئێستا کە خەڵکی نایزانی ئەوەیە ئەو دە دەفتەرە بەچ شێوەیەك لە نێوان خۆی و کاکی بەرپرسی حزبەدا دابەشکرا و ئایا ئەو باندە چەند کوردی بێتاوانییان کوشتووە و دوای بەرەڵاکردنیان چەندی دیکە لەناو دەبەن پۆلیس و ئاسایش بەئاشکرا خەڵك ئەگرن بۆ پارە تەنانەت کوردە پارەدارەکانیش دەگرن بۆ پارە (هیوای مقاول) بۆ نمونە کە لەپشت سەیتەرەی کەرکوك-هەولێر بردیان بۆ قادرکەرەم و 14 دەفتەر دۆلاری دا وئازاد کرا بۆیە وەزعی ئەمنی کەرکوك بەو شێوەیەیە؟ ئەو دیاردانەی کە ئێستا لە شاری کەرکوکدا بوونی هەیە هەندێك لەوانە تەنانەت لە سەردەمی بەعس - یشدا بوونی نەبووە، وەك ئەوەی لە سەردەمی بەعسدا پیاوی حزب نەیدەتوانی بە ئاشکرا زەوی داگیر بکات بەڵام ئێستا پیاوانی هەردوو حزبی سەرکردە (لەسەر وەزنی حزب القائد ) ) .. !! لە کەرکوکدا بە ئارەزووی خۆیان دەتوانن لە ژێر دروشمی تەجاوزدا لە هەر شوێنێك بیانەوێت زەوی داگیر دەکەن نموونەی ئەمانە زۆرە کاك نەجات حەسەن کاك رفعت عبداللە یەکێکن لە پاڵەوانە هەرە بە ناوبانگەکانی ئەو بوارە بۆیە بە پاڵەوان ناویان دەبەین چونکە ئەوان بە ئاشکراو بێ شەرم خۆیان و دارو دەستەکانیان تێوە گلاون لە چاوپێکەوتنی تەلەفزیونیش شانازی پێوە دەکەن.. ئەوان حکومەتی دیوەخانن ئاشکراشە کە حکومەتی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دیوەخان هەموو شتێك كە بریاری لێبدات پێی رەوایەو وەك كابرا سەیری هەر ژنێكی بكردبایەو بە دڵی بوایە دەبوو مێردەكەی تەڵاقی بدابایە و شووی بەو بكردایە بەو پێیەی كە خوا ئەمری كردووە پێغەمبەر نەزەری لەچ ژنێك كرد ئەو ژنەی پێی حەلاڵە و دەبی بیخوازێت.

جەنابی خۆی نیوەی ناوچەی دەروازە داگیر دەكات ولە میانەی خەباتكردنیشیدا بۆ جێبەجێكردنی ماددەی 140 دوو خانووەكەی گەرەكی تسعین كە لە باپیرەیەوە بۆی ماوەتەوە دەیداتە كری بە دوو خێزانی هاوردەی عەرەب و دواتر پاش ئاشكرابوونی ئەو كارە ئەو دوو خیزانەی دەركرد و بە هۆی بەسەرچوونی كاتەوە كوردە حەیاتەكەی كەركوك ئەوەیان لەبیرچووەوە بەڵام هەرگیز ئەوەیان لە بیر ناچێت كە یەكێك لەو خانووانە دابووی بە كری بە خێزانێك ئەوانیش لەلای خۆیانەوە نەیانكردبووە نامەردی و لە پێناو خزمەتكردنی پیاوانی شارەكەدا كردبوویانە سەنتەری رۆشنبیری پیاوە بێشەرەفەكان.. !!

دواتر كوڕە نازدارێكی دیكەی حزب لە كەركوك كە بەناو قایمقامی كەركوكە و بە پێی یاسا خۆی بەرپرسی یەكەمی ئیداری كەركوكە و هەموو سەرپێچیكردن و تەجاوزكردنێك دەبێت ئەو رێگری لێبكات كەچی ئەویش لە سایەی سەری سەوز و زەردی حزبەوە بە ئاشكرا زەوی داگیر دەكات و خوا هەڵناگرێت بە پی یاسا ئەپارتمانێكی خنجیلانەشی لەسەر پارچە زەوییەكی تەجاوزدا دروستكردووە بەو پێیەی كە مامۆستا عەبدول مەجیدی باوكی یەكێكە لە حاكمە ئاوارەكانی گەرەكی مەنسووری دەوڵەمەندنشینی بەغدا و عەبدوللەتیفی برا گەورەشی پارتیزانێكی سەر بە مەجمەعی عیلمی كورد بوو لە بەغدا كە بەسایەی كوردایەتی ئەوەوە كرابووە مەجمەعی قومارچییەكانی بەغدا و گەر كەس شایەدی ئەوەی بۆ نەدات ئەوە پاش مردنی مەلا جەمیلی رۆژبەیانی – راوێژكاری مەجلیسی قیادەی سەورەی حزبی بەعس، حەمەی كوڕی مەلا عەبدولكەریمی مودریس كە بەزۆرە ملی فەتوای جیهادكرنیان دژی ئەمریكا... !!! پی ئیمزاكرد ئەو شایەدییەی بۆ دەدات. نازانم باسی كام پارتی و یەكێتیت بۆ بكەم ئارام ناوێك لە پارتی و حەمە قەدە لە یەكێتی لە زەوی فرۆشتن پرۆفیسۆرن، بەدەیان دوكان و بازارو ساحەی سەیارەو.... هتد بەدەیانی تر لە هەردوو حیزب.

بەرپرسی حزبی و بەر پرسی ئیداری، پارێزگار و بەرێوەبەری شارەوانیی وەك نموونە:

ئەوەی كە تا ئێستا خەڵكی كەركوك بە هەڵە لێی گەیشتوون ئەوەیە كە لەو بروایەدان كە بەرپرسە ئیدارییەكانی شاری كەركوك هەموویان سەر بە حزبن و حزبەكان پشتیوانیان لێدەكات بەڵام بە ووردبوونەوەیەكی خێرا ئەگەینە ئەو دەرەنجامەی كە بەر پرسە حزبییەكانی كەركوك تەنیا پاڵپشتی ئەو بەر پرسە ئیدارییانە دەكات كە لە دزیكرندا شەریكیان دەبێتەوەو بێدەنگ دەبێت بەرامبەر بە دزی و تەجاوزەكانیان بۆ سەلماندنی ئەمە چەند نموونەیەك دەكەینە تێشووی بابەتەكەمان

پارێزگاری كەركوك:

ئەگەر لە پارێزگارەوە دەست پێبكەین زۆر بێ مەوقیف و ترسنۆكە بەتایبەتی لەهەردوو حیزبەكە زۆر دەترسێ زۆر كات بە تەلەفۆن هەرەشەی لێدەكەن ئەوە بە شاهیدی هەموو خەڵكی یەكەم كەسی ترسنۆك وگەندەڵە لە شارەكەدا و وەك كاك كۆسرەت رەسول وتی ئەو خەڵكی كەركوكی فێری دزی و گەندەڵی كرد و ساكارترین نموونەی فرۆشتنی برە قیرێكی زۆر تەرخانكراو بۆ كەركوك لەلایەن كەسێكی نزیكی ئەوەوە كە دوای ئاشكرابوونی بە پێی قسەكانی رزگار عەلی سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك كە لە رۆژنامەی ئاسۆدا بڵاو كراوەتەوە دەڵێت سی مانگە داوای روونكردەوەم لە پارێزگار كردووە تا ئێستا پارێزگاری كەركوك وەڵامی ئەنجومەنی نەداوەتەوە با خوێنەری بەرێزیش ئاگاداری ئەوە بێت كە ماوەی نێوان ژوورەكەی پارێزگارو ژووری سەرۆكی ئەنجومەن تەنیاسەركەوتنە بەسەر 16

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:35 30-10-2007

پەیژەدا – قالدرمەدا خوێنەری بەرێز سەیری ئەم مەهزەلەیەکە دەڵێ من خۆم لە بەڵێندەرێکم بیست و ئامادەی ئەوەبوو کە ئیمزای ئەوەم بۆبکات کە ئەو کەسە نزیکەی لە پارێزگارەوە کە قیرەکەی فرۆشتووە بەر لە چەند رۆژێك ئامادەیی خۆی نیشانداوە کە دوو دەفتەر دۆلاری بداتی بەرامبەر بەوەی هەر ئەوەندە بڵێت کە ئەو برێك لەو قیرەی کریووەو هەر هەمانە کەس ئەوەی ووت کە چەند بەڵێندەرێك ئەو پارەیەیان وەرگرتووە واتە بە کوردی بە کورتی ئەو کەسە دەیەوێت کە ئەوە بسەلمێنی کە ئەو بڕە قیرە بە شێوەیەکی رەسمی فرۆشراوەو پارەکەی گەراوەتەوە بۆ خەزینەی پارێزگار ئەمەش پێویستی بە ماوەیەکی درێژە بۆیە نووسراوێك لە ماوەی نێوان 100 مەتردا سی مانگی پێچووە ئەگەر واز لەوەش بێنین گەر تەنیا نووسراوێك لە نێوان دووبەرپرسی یەکەمی شارەکەدا 3 مانگی پێ بچێت ئەوە حەق وایە خەڵکی کەرکوك لە خۆشیدا مانگی چوار رۆژ قور بپێون بۆ ئەو حکومەتە جوانەی کە بەرێوەیان دەبات، مەهزەلەیەکی دیکەی حکومەتەکەی کەرکوك ئەوەیە سەرۆکی شارەوانییەکەی دەسگیر دەکرێت پەیامنێری رۆژنامەی میدیا پرسیاری هۆکاری دەسگیرکردنەی لە پارێزگاری کەرکوك و سەرۆکی ئەنجومەن دەکات ئەوان لە وەڵامدا دەڵێن ئێمە ئاگاداری دەسگیر کردنەکەی نین، وادیارە سەرۆکی شارەوانیی لە قەندهارو پارێزگار و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا لە قەندوز –ن بۆیە ئاگاداری یەکتر نین ئەی قوڕ بەسەر خەڵکی سادەی کەرکوك، لە هەموو ئەمانە خراپتر لە گەرەکی ئەڵماس کۆمپانیایەکی بەناو ئیستراد و تەسدیر کراوەتەوەو هەموو کارمەندانی ئەو کۆمپانیایە ئافرەتن تەمەنییان لە نێوان 12 و 30 ساڵییدا وەکیلەکانی ئەو کومپاتیایەش کە لەسەر شەقامەکە دەوام دەکەن هەموویان پیاون و موشتەری دەدۆزنەوە و موشتەرێکێکانیش کە سەردەکەون سکرتێرەیەك پێشوازییان لێدەکات و بە رووتی وێنەی کچە فەرمانبەرەکانی نیشان دەدات و موشتەرییەکەش بە پێی زەوقسزی خۆی یەکێکیان هەڵدەبژێرێت وبە پێی قسەی سایەق تەکسییەك کە موشتەری بەردەوامی ئەو شوێنەیە دەڵێت لە زۆربەی ئەو ژنە لەشفرۆشانەم بیستووە کە بە پێی رێکەوتنێك هەموو گەورە بەرپرسانی کەرکوك بە کون فەیکونیانەوە ئاگاداری ئەوە هەن رەزامەندیان سەبارەت بەکارکردنیان داوە، رەنگە پاش سەعاتێك لە بڵاوبوونەوەی ئەم نووسینە بە مەبەستی شاردنەوە ئەو کۆمپانیایە دابخرێت بەڵام ئەوەی کە داناخرێت دەمی خەڵکی ئەو ناوچەیەیە کە هەر کەسێك پرسیاری ئەوەیان لێبکات بی سی ودوو راستی بوونی ئەو کۆمپانیایەو کارمەندەکانی ئاشکرا دەکات. سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاش دەستی بەکڵاوەکەی خۆیەوە گرتووە خوا خوایەتی کەس باسی خۆی نەکات و ئەو نازوو نیعمەتەی لە دەست نەچێ.

بەرێوەبەری شارەوانیی کەرکوك:

لە دوا کەوتووترین وڵاتی دونیادا دەسگیرکردنی سەرۆکی شارەوانیی مایەی شەرمەزارییەو لە رووی راگەیاندنەوە شورەیی لێدەکەوێتەوە، مەبەستم لە دەسگیرکردنی یاسایی نییە بەڵکو لەو شێوە دەسگیرکردنە هەمەجییانەی حزبە کە ناوبراوی پێ دەسگیر کرا، سەرەتا لە رووی ئیدارییەوە بەرێوەبەری شارەوانیی کەرکوك فەرمانبەرێکی سەر بەوەزارەتی حکومەتی ناوەندە بەو پێیەش تەنیا وەزیر بۆی هەیە بانگی بکات و ئەگەر هەر موخالەفەیەکیشی هەبێت ئەوە دەبێت هەر لەلایەن وەزارەتەوە لێپێچینەوەی لە گەڵدا بکرێت بەڵام ئەو بە فات و فیتی مەڵبەندی دووی رێکخستنەکانی کەرکوك و چەند کەسێکی دی لەلایەن ئاسایشەوە بانگ کرا یا دەسگیر کراو کە هەر بە ئیشارەتی حزب لە نێوەندی خەڵکی و لەسەر سایت و رووپەری رۆژنامەکاندا تەپڵی کوترا و بە پێی هەواڵێکی سایتی سبەی لە زاری بەرپرسێکی ئاسایشەوە ئەوە بڵاوکرایەوە کە ئەو کەسە لەسەر گەندەڵی لە کارەکانیدا دەسگیر کراوە ئەمەش سەر پێچییەکی یاساییەو دەچێتە خانەی تەشهیر پێکردنەوەو ماقوڵ نییە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئاسایش و حزب ئەوە نەزانێت کە منداڵێك دەیزانێت ئەویش ئەوەیە کە تاوانبار بی َتاوانە تا تاوانەکە بەسەریدا ساغ دەبێتەوە بەڵام لە ڕۆژنامەی میدیا هۆکاری دەسگیرکردنەی گەراندەوە بۆ ئەوەی کە لە چاوپێکەوتێکی ڕۆژنامەوانیدا باسی تەجاوزی کردووە باسی دەسەڵاتی حیزب و بێ دەسەڵاتی ئیدارەو دزینی قیرو گازو نەوت و... هتد واتە دەم درێژی کردبوو دواتر پاش چەند ڕۆژێك بی هیچ پێشەکییەك ئازاد کرا و لە یەکەم لێدوانی کە تایبەت بوو بە ڕۆژنامەی کوردستانی نوی ئەوەی بە عیماد زەنگەنە – ی پەیامنێری ڕۆژنامەکە راگەیاند: کە لەلایەن ئاسایشەوە بانگ کراوەو بانگ کردنەکەشی یاساییە.. ! ماشەڵڵا لەو یاسا نازدارە ( (تکایە خوێنەری بەرێز سەرنجێکی ووشەی یاساییە بدە) ) بە پێی ئەو روونکردنەوەی سەرەوەدەردەکەوێت کە دەسگیر کردنەکەی بە هیچ شێوەیەك یاسایی نییە و ناکرێت کەسێك سەرۆکی شارەوانیی بێت و نەزانێت دەسگیرکردنەکەی نا یاساییە گریمان ئەوەشی نەزانی خۆبەشێکی یاسایی تەواو لە فەرمانگەکەیدا هەیەو کارمەندانی ئەو بەشە بە گشتی شارەزاییان لە یاسادا هەیە ئەی بۆ پرسیاری ئەوەی لەو بەشە نەکرد، بەرێوەبەری شارەوانیی لەبەر چاوی کاڵی حزبەکەیو بۆ ئەوەی وەك کورد واتەنی پشتی حزبەکەی نەدا بە زەوییدا زۆر بە ئاسانی دەڵێت بانگردنەکەم یاساییە ئەمە لە کاتێکدا ئەو دەسگیرکردنە هێندە نایاساییە کە مافی ئەوەی دەداتی داوای قەرەبوونەوەی ماددی و مەعنەوی بکات لە حزب و ئاسایش و لەوسایت و ڕۆژنامانەی کە هەواڵەکەیان بڵاو کردەوە کەچی بەرێوەبەری شارەوانی بەو ووشەیە گومان لە حزبی باوك لەلای خەڵك کاڵ دەکاتەوە و پێکەوە لەگەڵ پەیامنێرەکەی کوردستانی نوی مەسەلەکە دەپێچنەوەو لە جیاتی ئەوەی راستییەکان بۆ خەڵك ئاشکرا بکەن دەبینین بە پێچەوانەوە راستییەکان دەکەن بە قوربانی حزبەکەیان وەك بەشێك لە پەیرەوکردنی وەلائییان بۆ ئیتاعە کردنی حزبی باوك، هەر بەو هۆیەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت کەس نازانێت سەرۆکی شارەوانیی بۆ دەسگیر کرا بۆیە گەر لەسەر گەندەڵی لە کارەکانیدا دەسگیر کرابێت وەك ئەوەی کە لە هەواڵەکەی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا هاتووە ئەوەدەبوایە ئەو ئاخر کەس بانگ بکرایە ئەی بۆ کەسی تریان بانگ نەکرد سەرجەم بەرپرسەکانی کەرکوك هەر لە پارێزگاری کەرکوکەوە تا دەگاتە بچووکترین بەر پرس دەبێت بە هەمان شێوەی هەمەجی ئاسایشەوە بانگ بکرێن و لێکۆڵینەوەیان لە گەڵدا بکرێت.

پێویست ناکات لێرەدا باسی بەرێوەبەرەکانی دیکەی فەرمانگەکانی وەکو ئاوەڕۆ و ئاوو شارەوانییەکان بکەم چونکە ئەویش بەهۆی موخالەفە مالییەکانیەوە لەلایەن لیژنەی نەزاهەی بەغداوە داواکراوەو بە رەسمیی و بە بریاری وەزیری شارەوانییەکان ئێستا لەسەر کار لابراوە بەهەر حاڵ ئەو سەرۆکی شارەوانیەی کەجاران لە ڕۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزیۆن... بەڕاست و چەپ باسی بەغداو گەندەڵی حیزبەکان و ئیدارەی دەکرد ئێستا دەم کوت کراوە و هەر چەند جاران کارگێری مەڵبەند بوو ئێستا بەقەد کۆنە بەعسیەك حیسابی بۆ ناکەن.

وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم پێدا ئەمرۆ کەرکوك کۆمپانیایەکە بۆ پڕکردنی گیرفانی کوڕە نازدارەکانی حزب و بەو هۆیەی کە گەندەڵیش سنوورێکی دیاریکراوی هەیە و ئەو بەرپرسە بەرێزانە وایان لێهاتووە کە ئەو سنوورەیان بە چەند قۆناغ تێپەر کردووە بۆیە زۆر جار رێدەکەوێت کە کردەوەیەکییان لەلایەن کوردی شارەکەوە ئاشکرا دەبێت ئەوان لەو کاتەدا بۆ دەرباز بوون لەوە پەنا دەبەنە بەر چەند رێگایەك وزیاتر ئەو رێگایانە لە شێوازی بەعسەوە نزیکە بۆنموونە لە کاتی وادا دەبینیت هەندێك جار پەنا دەبنە بەر خستنە رووی کەسێکی دیاریکراو و یا دیعایە ئەوەی بۆ دەکەن کە کەسێکی گەندەڵە یا وا لە خەڵك دەگەێنن کە فیسارە کەس لە لایەن ئەمریکییەکانەوە دەسگیر کراوە یا کەسایەتییەکی دیکە چووەتە ماڵی لەشفرۆشێکەوە لەوی ژەهریان داوەتی وەك ئەو دیعایەی کە لەکاتی خۆیدا بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خەتابە ڕەش کراو دەیان شتی دیکەی لەو بابەتە تا خەڵکی شارەکە سەر قاڵی ئەو هەواڵانە بکەن نزیکترین نموونەی ئەمەش دەسگیرکردن و ئازادکردنی سەرۆکی شارەوانیی پڕوپاگەندەکەدوو هەفتەی خایاند لە دوای ئەوە مەسەلەی گۆڕینی بەرێوەبەری فەرمانگەکان هاتە کایەوەو کە لق و مەڵبەند لە کۆبونەوەی کۆمیتەو ناوچەکانباسی دەکەن ئێستا خەڵکی سەر قاڵی ئەوەن گەرچی بە دەیان جار ئەم مەسەلەیە وورژێنراوە دواتر قرو قپی لێکراوە.

بۆیە لێرەوە هاوشارییەکانم ئاگادار دەکەمەوە لەم شارەدا لەهەر شوێنێك شتێکی شاز و ناوازەو جوانت بینی دوو دڵ مەبە لەوەی کە خاوەنەکەی بەرپرسێکی حزبییەو بۆیە لە کۆتایی ئەم نووسینەدا وەك کەرکوکییەك مافی ئەوە بە خۆم دەدەم کە لە جیاتی هەموو کەرکوکییەکان ئەوە ماوەتەوە بڵێم: کەرکوك کۆمپانیایەك بۆ پڕکردنی گیرفانی بەر پرسان و سەرچاوەیەك بۆ بەردەوامبوونی ئازار و مەینەتی دانیشتوانەکانی و دڵە راوکێ و دەسگیرکردنی بەر پرسە ئیدارییەکانی بە تایبەتی بەر پرسە ئەسڵەکانی خەڵکی کەرکوك –و بی پشت و پەناکاندا و لەمەدا بە هیچ شێوەیەك مەبەستم لە سەرۆکی شارەوانیی کەرکوك نییە چونکە پشت وپەنای ئەویش ئەو حزبەیە کە بە هاوبەشی لەگەڵ حزبێکی دیکەدا کەرکوکییان تاڵانکردووە کەچی ئەو لەبەرامبەر ئەوەدا وەك سەرۆك شارەوانییەك دەبێت ڕێگری لەو غەدرە بکات کە لە کەرکوکییەکان دەکرێت، کەچی پێچەوانەوە ڕاستی هۆکاری دەسگیرکردنەی لە خەڵکی شارەکەی دەشارێتەوەو دەیکاتە قوربانی حزبەکەی.

تێبینی

بۆ ئەم بابەتە سوود لە چەند بڵاوکراوەو بەڵگە نامەی نووسراو و دیکۆمێنتی دەنگی وەرگیراوە

هیوادارم ئەوانەی کە ناویان لەم بابەتەدا هاتووە بەدواچوونییان بۆ ئەم نووسینە هەبێت تا ئێمەش لەلای خۆمانە وەڵام بدەینەوەو شتەکان زیاتر بۆ خەڵکی ڕوونبکرێنەوە.

پ. کەرکوك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.